www.kurdistannet.org
16-8-2006 10:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی ماڵپەڕی کوردستان نێت دەکەم ... ئاراز عبدولڕەحمان



کوردستان نێت یەکێکە لەو ماڵپەڕانەی کەتوانیویەتی لەماوەی ڕابردودا خزمەتێکی باش بکات لە بواری ڕاگەیاندنی ئەلیکترونیدا وە لەم ماوەی خزمەتیدا توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر باش رۆشنبیران و نوسەرانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەیەکەوە ببەستێت هیوادارم بەردەوام بن لەو خزمەتە مرۆییەدا چونکە ڕاگەیاندن بەهەموو شێوازەکانیەوە خزمەتێکی مرۆییە.. بەم بۆنەیەوە پێشنیار دەکەم بۆ ماڵپەڕی کوردستان نێت کە بتوانن بەشێک بکەنەوە بۆ هەوال news)) بەتایبەت هەواڵی کوردستان لە ناوخۆو دەرەوە وەک بەڕیزتان دەزانن هەواڵ یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی کاری ڕاگەیاندن وە لەڕێگەی هەواڵەوە دەتوانین بەردەوام ئاگادری ئەو گۆڕانکاریانە بین کە لە کوردستان یاخود لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن وە بۆ ئەم مەبەستە بەڕێزتان دەتوانن پەیوەندی بەچەند کەسێکەوە بکەن بۆ دروستکردنی تۆڕی پەیامنێران لە کوردستان و لە دەرەوە، دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کوردستان نێت دەخوازم هەرپێشکەوتووبن.

arazdarbandi@yahoo. com